# باکووری
# پەروەردەکار و ڕچەشکێن لە ئاواز و ستران

نایف محەمەد ئەحمەد

(٢- ٢)


بۆ چاوپۆشین لە کەموکورتی هەر کارێکی هونەریی ناکرێت هیچ پاساوێک بهێنرێتەوە، بەڵام لە بیرمان نەچێت ئێمە باسی ناوەڕاستی ساڵانی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو دەکەین، لەوان ڕۆژان جگە لە دیوەخان و تەکیە و خانەقاکان و کۆڕی ئاهەنگی بۆنە خێزانیی و ئایینییەکان لە لاوکبێژ و حەیرانبێژ و مەقامخوێنان و شایەر و دەنگبێژی کورد، دەرفەت و دەروازەیەکی ئەوتۆی لە پێشدا نەبووە تواناییە هونەرییەکانی خۆی تێدا نمایش بکات و بڵاوبکاتەوە، باسی ئەوان ڕۆژان دەکەین لە هەموو عێراق بۆ خوێندن و فێربوونی ئامێرەکانی موزیک بە شێوازێکی زانستی تاکە پەیمانگەیەکی هونەریی حکوومی هەبووە. باسی ئەوان ڕۆژان دەکەین لە هەموو شارەکانی باشووری کوردستان جگە لە شمشاڵ و باڵەبان و دەهۆڵ و زوڕنا و ئامێری ساز و تەپڵ کوتان، ئامێرێک لە ئامێرە ڕۆژهەڵاتییە پێشکەوتووەکانی موزیک ئەگەر لە شارەکانی کوردستان هەشبووبن زۆر دەگمەن بوون، سەرباری باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاستەنگەکانی دیکەی ڕەوشە گشتییەکە.

بۆیەش لە ڕێگەی ئەو پۆلە قوتابییانەی لە شارەکانی کوردستانەوە، بۆ خوێندن لە بەشەکانی هونەریی ئەو پەیمانگەیەی بەغدا چوون، بابەتی ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو ئامێرە موزیکییانە و هەوڵدان بۆ فێربوون و خوێندنی موزیک و ئامێرەکان پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکەوە، یەکێک لەو قوتابییانەش (شەماڵ سائیب)ی هونەرمەند بووە، هەرچەندە لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری خێزانی و کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە بەشی موزیک تەواو بکات، بەڵام توانیویەتی لەڕێگەی فێربوون و ژەنینی ئامێری عوودەوە پەرە بە تواناییەکانی خۆی بدات، ئەوەش دواتر زۆر بە ڕوونی لە ئاواز و بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندەدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەولاشەوە بەهرەمەندێکی گەنج و خوێنگەرمی پڕ وزەی هونەری وەک باکووری عاشق بە

سروشـتە جوانەکـەی کوردسـتان و گۆشـکراو بـە دیوەخـان و ڕۆژگاری ئەختـەر و چریکـەی حەنێـل و مامـە سـێوە و سـرووتەکانی کڵێسـا و سـەدای مـەلا ئەسـعەد و تایـەر تۆفیقـی کـوردان، کاتێـک بـۆ خوێنـدن دەچێتـە بەغـدا و تێکـەڵ بـەو کەشـە هونەرییـەی شـاری بەغـدا و کەرکـووک و ئاهەنگـە هونەرییەکانـی ئـەو کات دەبێـت، دواتـر ڕوودەکاتـە ئێزگـە بـۆ بەشـداریکردنی لـە ئاهەنگـە ڕاسـتەوخۆکانی ئێزگـە و تۆمارکردنـی بەرهەمەکانـی، یەکێـک لـەو بابەتانـەی ئـەو سـەردەمە کـە وەک نەریتێکـی لـێ هاتبـوو، لاسـایی کردنـەوەی ئەسـتێرەکانی ئەوسـای جیهانـی عەرەبـی بـوو، زۆرینـەی گۆرانیبێژانـی ئـەو سـەردەمەی عێـراق و کوردسـتان هەوڵیـان داوە لەپـاڵ گۆرانـی وتـن، خۆیـان فێـری ژەنینـی ئامێـری عـوود بکـەن، م. باکـووری ئەگەرچـی پێشـتر شـارەزایی لـە ژەنینـی ئامێـری شمشـاڵ هەبـووە، بـەڵام وەک بەهرەمەندێکـی خوێنـدەوار، لـە سـەرەتای پەنجاکانـدا زوو درکـی بـەوە کـردووە کـە پێویسـتە خـۆی فێـری ژەنینـی ئامێرێکـی موزیـک بـکات، بۆیـە لـە سـەرەتای پەنجـاکان لـە شـاری کەرکـووک، لـە پەیمانگـەی هونەریـی (جـۆرج خەیالـی)(٨) لـەلای مامۆسـتایەکی خانەنشـینی شـاری مووسـڵ، خـۆی فێـری ژەنینـی ئامێـری عـوود دەکات و لـە ڕێگـەی ڕاهێنـان و پەروەردەکردنـی تواناییـە هونەرییەکانییـەوە ئـەو هـەوڵ و شـەونخوونییەی دەبێتـە پاڵپشـت و کۆڵەگەیەکـی پتـەو بـۆ ئاییندەی هونـەری خـۆی و دانانـی کۆمەڵێـک ئـاواز و میلـۆدی جـوان بـۆ مێـژووی ئـاواز و موزیکـی کـوردی.

زۆربـەی خەڵکـی کوردسـتان لـە هەوادارانـی گۆرانـی و موزیـک، کـەم تـا زۆر لەگـەڵ ئـەو ئـاواز و گۆرانییانـەی م. باکـووری ئاشـنان، ڕەنگـە زۆربەمـان



**باکووری**

وەک ئـاوازە فۆلکلـۆری و میللییەکانـی مێـژووی سـەدان ساڵەی میللەتەکامـان، زۆربەمـان بـە شـیعر و ئـاواز و پێشـەکییە موزیکییەکـەوە ئەزبەرمـان کردبـن، بـە هەمـان شـێوە بـۆ گۆرانییەکانـی هونەرمەنـدان شـەماڵ سـایب و ئەوانـی دیکـە...

ڕاسـتە سـاڵانێکی زۆر بەسـەر ئـەو سـتران و ئاوازانـەدا تێپەڕیـوە، بـەڵام جەمـاوەر و هـەواداران و هاوزمـان و هاونیشـتمانییان لـە کوردسـتان ئـەو گۆرانییانەیـان وەک ئـاوازە فۆلکلۆرییـەکان ئەزبـەر کـردوون! پرسـیارەکە ئەوەیـە ئـەی لەبەرچـی تەنیـا گۆرانـی و میلـۆدی چەنـد گۆرانیبێژێـک وەک گۆرانییـە فۆلکلـۆری و میلیـەکان لەلایـەن گوێگران و جەمـاوەرەوە پێشـوازییان لـێ دەکرێـت و نـەوە دوای نـەوە وەک سـتران و ئـاوازە فۆلکلـۆری و میلییـەکان ئەزبـەر دەکرێـن و دەگوترێنـەوە؟ خـۆ دەیـان و سـەدان ئـاواز و گۆرانـی دیکـەش بەدرێژایـی ئـەو سـاڵانە تۆمارکـراون و بـڵاو بوونەتـەوە؟ لەبەرچـی نەبـوون بـە بەشـێک لـە

ئادگاری چێژ و بیرەوەرییەکانی نەوەکان و لەبیر چوونەوە؟

لەخوارەوە ئاماژە بە ناوی بەشێک لەو میلۆدی و ئاوازە ناودارانەی م. باکووری دەکەین کە بوونەتە پێناسەی هونەریی ئەو گۆرانیبێژە، هەموو ئاوازەکانیش خۆی داینـاون:

(سووکبن دەیدەی (شێخانی)، هەی زێڕینێ، ئەڵێن جوانە وەکوو حووره گەردن سپییه، ئەی مەلەنگێن مەلەنگێنە، نەو ڕۆژه مەستم بە نەغمەی بولبول، هەستە هەستە کیژی جوان، کیژۆڵەی ناسک، مۆژده لە گەلی یاران، چنارۆک، من و بولبول، بەهار نامەوێ، ساقی عەقیقی، وەره لام بژی، نازه کەم، چناره سەر ڕێباری، بەهیوات گیانە، یاری درۆزن (چاوەڕوانی). (بەداوای لێبوردنەوه کۆمەڵێک لە هۆنراوەی ئەو ئاوازانەی م. باکووری شیعری کۆمەڵێک لە شاعیرانن، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی پشتڕاست کراوەی دروست و بەخاتری خۆ بەدوورگرتن لە هەڵەکردن لە ناوی خاوەنەکانیان و تێکەڵبوونی ناوەکان، لەو نووسینەدا خۆمان لە ناوهێنانی خاوەنەکانیان بەدوور گرتووه).

لەو ساڵانەی دواییدا لە تێزی ماستەرنامەی زانکۆ هونەرییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەمبەر شیکاری گۆرانی و ئاوازەکان جگە لە نووسینەوەی نۆتی میلۆدییەکە و دەستنیشانکردنی سکێڵ و مەقام و کێشی ئاوازەکە، کە بەلای ئێمەوه بابەتگەلێکی گرنگ و پڕ بایەخن بۆ توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، بەڵام مەرجیش نییە هەموو ئاواز و میلۆدییەکیش پێویستی بە نۆتنووسی هەبێت، مەگەر بۆ دووبارە ئامادەکردن و ژەنینی بە کۆمەڵ و ئەرێنجکردن نەبێت، پێمانوایە کاتێک ئاواز و سترانێکی تۆمارکراو و پڕ کوالێتی لەبەر دەستمان بێت نۆتنووسی بۆ بکرێت و نەکرێت شتێکی ئەوتۆ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، تەنیا لە بارودۆخی گەڕانی مەیدانی و ساغکردنەوەی میلۆدی و سترانە فۆلکلۆرییەکان نەبێت، ئەوەیان پرسێکە پەیوەست بە بابەتگەلێکەوە ڕەنگە لەپاڵ تۆماری دەنگ پێویست بەوە بکات نۆتنووسی میلۆدی و ئاوازەکانیش پیویست بێت. لەلایەکی دیکەوە لەلایەن ئەو پۆلە مامۆستا و قوتابییانەی کە بە دیاریکراوی دەرچووی زانکۆی بەغدا و قوتابیی دوکتۆرا و مامۆستایەکی بەشی موزیکی ئەو زانکۆیەن، دەبینین دوای ئەو هەموو پێشڤەچوونەی توێژینەوە زانستییەکان ئەو پۆلە قوتابییە ساڵانێکە لەسەر ئەو شێواز و ڕێچکە و نەریتەی شیکاری ئاواز و میلۆدییەکان سوورن، بەگرتنەبەری دروستکردنی خشتەی هەمەڕنگ بۆ هەموو وردەکاری و ڕێچکەکانی ناو خودی ئاواز و میلۆدییەکە، تەنانەت ژماردنی سەرچوون و دابەزین و ژمارەی تۆنی جێگیر و میانەکان و دواجار بەراوردکردنیان لەگەڵ ئاواز و میلۆدییەکانی دیکەدا..

لە وانەکانی ساڵانی خوێندنم لە بەشی موزیکی زانکۆی سەڵاحەددین (٢٠١٤- ٢٠١٨) بەڕێز دوکتۆر (نەهرۆ زاگرۆس) کە پسپۆری زانستی ئەتنۆموزیکۆلۆجی لەیەکێک لە زانکۆ بەناوبانگەکانی شانشینی بەریتانیایە و پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ توێژەرانی ئەو بوارە زانستییە و سەرچاوە زانستییەکان هەیە، پێی وایە گرتنەبەری ئەو شێوازە لەکاری شیکردنەوەی ئاواز و میلۆدییەکان کە ئاماژەمان پێدا نەریتێکی کلاسیکی کۆنە و بە کەڵکی ئەمڕۆ نایەت، چونکە سەردەم سەردەمی تۆماری دیجیتاڵییە و دەتوانین بەدەنگ و ڕەنگەوە بەرهەمەکان بە جوانترین کوالیتی

تۆمار بکەین. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ژمارەیەکی گۆڤاری (پەیڤە)ی (٩) (بنکەی مەقام).

لەو سۆنگەیەوە لە هەڵوەستەکردنمان بۆ ئاوازی (دوو) گۆرانی م. باکووری تەنیا چەند ڕێکارێکی کورت بۆ ساغکردنەوە و خستنە ڕووی لایەنە هونەرییەکانیان دەگرینە بەر وەک:

**(کێش و ئیقاع):**

وەک چۆن ئەندازیارێکی بواری تەلار و بیناسازی بۆ نەخشە سەرەتاییەکانی پێویستی بە کۆمەڵێک کەرەستەی سەرەکی دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی هێڵە سەرەکییەکانی نەخشە و پلانی پرۆژەکەی، بە هەمان شێوە گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر لەو ڕووبەرەی لە هزری خۆیدا نەخشەی بۆ کێشاوە، بۆ ئەوەی هەنگاوە دروستەکانی دەست پێ بکات و بکەوێتە سەر ڕاستە شەقامی دروستی کاری ئاوازدانانەکەی، پێویستی بەوەیە لەو دەستپێکەدا مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەندێک لەو خام و کەرەستانەی بنیادی تەلارسازییەکەی بکات، کە بە پلەی یەکەم هەریەک لە (ئیقاع و کێشی شیعر و سکێڵی موزیک)ی دێن لەو پێودانگەدا.

لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانە بەیەکەوە کەرەستە و خامە سەرەکییەکەی بنیادی دەرەوەو ناوەوە و ڕەنگ و ڕوخساری جوانی ئاوازێک پێک دەهێنن، لە دێرزەمانەوە باسی پێوەندیی قووڵ و ئاوێتەبوونی نێوان هەریەک لە شیعر و موزیک کراوە: (ڕەگەزە سەرەکییەکەی شیعر کێشە کە لە مۆسیقا بۆی ماوەتەوە — شیعر و مۆسیقا لەوەدا یەک دەگرنەوە کە پێوەندیی پتەویان بە زەمەنەوە هەیە — عەرووز زانستی مۆسیقای شیعرە — پێوەندیی وشە و ئاواز و مۆسیقا ئەوەندە بەهێزە لەگەڵ هەر وشەیەک لەناو مێشکدا سەر هەڵدەدا مۆسیقایەکی لەگەڵ دروست دەبێت، کە مانای وشەکە و کاریگەری وشەکە تەواو دەکات). (١٠)

ئەگەرچی بەنیاز بووین تەنیا هەڵوەستە لەسەر یەک گۆرانی م. باکووری بکەین، بەڵام لە کاتی ئامادەکردن و خەریک بوون یەکێکی دی لە گۆرانییە جوان و هونەرییەکانی سەرنجی ڕاکێشام کە ئەویش گۆرانی (بە هیوات گیانە) بوو، پێمان وایە لەپاڵ گۆرانی (چاوەڕوانی) دەبێت بە دوو نموونەی زۆر جوان بۆ نیشاندانی ڕوخساری هەندێک خەسڵەت و تایبەتمەندی هونەری و پێناسەی ئاوازێکی دەوڵەمەند و سەرکەوتووی ئەو هونەرمەندە نوێخوازەی کاروانی ستران و ئاوازی تازە دانراوی کوردیمان.

(چاوەڕوانی) کێش و ئیقاعەکەی پێنج لەسەر هەشتە، واتە (گوڵشێنی - جۆرجینە) کە یەکێکە لەو ئیقاع و کێشە تایبەتانەی ڕۆژهەڵاتی و ستران و ئاوازی کوردی.

هۆنراوەکەش کێشی خۆماڵی و حەوت بڕگەییە، زیاتر لە دەقی گۆرانی و هۆنراوە فۆلکلۆرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، شارەزایانی بواری کێشناسی شیعریش بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هۆنراوە و شیعری کوردی ناوزەد دەکەن:

**ڕۆژ ئاوا بوو مانگ هەڵهات**
**یاری من بۆچی نەهات**
**گوتی دێم گوتی دێم**
**گوتی دێم کەچی نەهات.**

گۆرانی دووەم: (بە هیوات گیانە) کێش و ئیقاعەکەی شەش لەسەر هەشتە (شایی — هێوە)یە کە هەردووکیان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرفراوان و لە گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی، بەتایبەتی و ئاوازە فۆلکلۆرییەکانی کوردستان بەکارهاتوون و بەدوو کێش و ئیقاعی سووک

و پڕ لە جووڵەی ستران و ئاوازە کوردییەکان هەژمار دەکرێن.


هۆنراوەی ئەو گۆرانییەش کێش و بڕگەکانی شەشی خۆماڵییە و ئەوەندە جوان ئاوێتەی ئاواز و ئیقاعی دەرەوەی میلۆدییەکە بووە، وەک تابلۆیەکی جوان و پڕ چێژی هونەری دێتە بەر گوێچکە:

**بەهیوات گیانە حاڵم پەرێشانە**
**دڵ وەکوو پەروانە عاشقی لێوانە.**
**ئەی گوڵی گوڵزارم بەس بدە ئازارم**
**ڕەحمێ بە هاوارم من کە بریندارم**
**کوشتەیی خاڵی تۆم عیشقی جوانی تۆم**
**شەو لەخەیاڵی تۆم شێتی ویساڵی تۆم.**

هەرچەند ئەو دوو ئیقاعە وەک زۆرینەی ئیقاعە ڕۆژهەڵاتییەکان لەناوەڕۆکدا ڕوخسار و سیمای جۆراوجۆر و هەمەڕەنگیان هەیە، بەڵام لەو دوو گۆرانییەدا وەک زۆربەی ئاواز و سترانە فۆلکلۆرییەکان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئاوازەکە بەیەک نەسەق و ناوەڕۆکی جێگیر دووبارە دەبنەوە، زۆر دەگمەن ئەو ئیقاعە لەکاتی گۆڕین و ئاراستەی پەیژەی موزیک و هەمەڕەنگی وێنای شیعری و کۆی گشتی موزیکی ئاوازەکان گۆڕان بەسەر پێکهاتەیاندا دێت، واتە ئیقاعی گۆرانییەکان تاک ڕەهەند و جێگیرن.

نموونەی هەردوو ئیقاع:

جورجینە یا گولشەینی




شایی - هێوە




لە سەرەتای هەردوو گۆرانیدا م. باکووری لە چوارچێوەی ڕیتمێکی جێگیردا لە (مەزهەب و کۆپلەی یەکەمی میلۆدییەکە و دواتریش لە کۆپلەی دووەمی سەرچوونی هەردوو ئاوازەکەدا لە ئاستێکی بەرزی چڕیندا ئیقاعی شیعر و ئاوازەکەی لە بۆتەیەکی جوان و هەست بزوێندا بەرجەستە کردوون، گۆرانی یەکەم بە خێرایی (Larghetto -64) گۆرانی دووەمیان بە خێرایی (Moderato – 100) لە خولەکێکدا.

ئەو ئاوێتەبوونەی پەیژە و ئیقاعی شیعر و ئاواز، لە ڕێگەی گوشین و ئەکسنتی پیتەکانی سەرەتای وشەکان و دەرچەی کۆتایی پیت و ئاوازی دوا بڕگە و سەروای شیعرەکەوە، لە ڕێگەی شەبەنگ و شەپۆلی دەنگ و کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤێکی کوردەوە دەچێتە سەر خەرمانە و جیهانی هەمەڕەنگی ستران و ئاوازی کوردی و ڕۆژهەڵاتییەوە.

**دووەم: سکێڵ و مەقام**

لەو دوو گۆرانییەدا دوو پەیژە و مەقامی سەرەکی و ناوداری کوردی و ڕۆژهەڵاتی بەکارهاتوون کە پەیژە و مەقامی (کورد و بەیات)ـە، هەڵبەت ڕێژەیەکی بەرچاو لە ستران و ئاوازە فۆلکلۆرییەکانی کوردستان لەسەر پەیژەی ئەو دوو مەقامە گوتراون و ڕێژەیەکی بەرچاویش لە ئاواز و میلۆدی تازە دانراو، سوودیان لەو دوو پەیژەیە وەرگرتووە. بەڵام دیارە لە بەدبەختی ئەو نێوەندە هونەرییەی

موزیک و سترانی کوردی زۆر کەمتر لە میللەتانی چواردەورمان سوودی لەو پەیژە و مەقامەی خۆی وەرگرتووە، کۆمەڵێک نووسین و پرسی گرینگیش لەمەڕ مەقام و پەیژەکان و خاوەندارییان لێرە و لەوێ بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بە گونجاوی نازانین بچینە سەر وردەکاری بابەتێکەوە ڕەنگە ساغبوونەوەی یەکلایی کردنەوەی زانستییانەی ئەو بابەتە پێویستی بە دەیان توێژینەوە و چەندان کۆنفراس و کۆنگرەی تایبەت بێت. لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە گرنگیی بەکارهێنانی ئەو مەقامە و تەوزیفکردنی هونەرییانەی م. باکووری سەرباری زۆر وردەکاری هونەریی ئاوازەکە خۆی، گرنگییەکەی لەوەدایە لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا ئەو پەیژە و مەقامەی بۆ ئاوازەکەی بەکارهێناوە، پەیوەست بە سەربوردەی گۆڕینی ناوی (کورد) بۆ (حوسێنی) و نەژادی ئەو مەقامە، کۆمەڵێک سەرچاوە ئاماژە بەو هەوڵانە کراوە.

توێژەر و موزیکناس (د. بەرزان یاسین) دەڵێت: (یەکێک لە هەرە کۆنترین مەقامەکانی سیستمی (مۆدال)ی ڕۆژهەڵاتی، ناوی مەقامی (کورد)ـە. هەر بەناوەکەی بەئاشکرا دیارە کە مەقامێکی کوردییە و لە هەموو جیهانی موزیکی ڕۆژهەڵاتیشدا هەر بەم ناوەوە ناسراوە) (١١). هونەرمەند (ئامانج غازی) لە پەرەگرافی نووسینێکدا لەو بارەوە دەڵێت : (ناکرێت و زۆریش لە عەقڵەوە دوورە بێگانەیەک بە کورد هاتبێت ناوی (کوردی)ی بۆ سکێڵێک دانابێ، هەر بۆ زانین لە (٨٠٪)ی گۆرانییەکانی بەناو تورکی لە سکێڵی کوردن، زۆرینەی گۆرانییە فارسییەکان، ئەوانەی ڕیتمی خێرایان هەیە، لە سکێڵی کوردن، ئەو شەپۆلەی ئێستا ناوەندی گۆرانیی عەرەبی گرتووەتەوە لە (٨٥٪)ی گۆرانییەکان، بەتایبەت گۆرانییەکانی کازم ساهیر لە سکێڵی مەقامی کوردن، وەلێ لەنێو نەتەوەی کورددا، (٣٪)ی گۆرانییەکانمان لەو مەقامەدان، ئەویش بەهەڵکەوت لەو سکێڵە ئاوازیان بۆ دانراوە). (١٢)

هەرچەند دەمێکە توێژینەوە و سەرچاوە مێژووییەکان دەنگی مرۆڤ و گۆرانی چڕینیان بە پێشینە و سەرچاوەی داهێنانی ئامێر و لقەکانی موزیک پشت ڕاست کردووەتەوە، لەبەر ئەوەی دەنگ و هەناسە و ئەو کۆئەندامانەی زمان و دەنگ و هاوار و چڕین، لە یەکەیەکی ئۆرگانیدا ڕاستەوخۆ بە ئەندێشە و خەیاڵ و سەرچاوەکانی دیکەی مەعریفە و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە پەیوەستن، بۆیەش لاپەڕەکانی مێژووی زانستی پێوانەی میانە دەنگییەکان بە گشتی و دروستبوونی سکێڵ و پەیژە و مەقامەکان، چ لە مێژووی کۆنی یۆنان و ڕۆژئاوا، چ لەلایەن زاناکانی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی لە ئاماژەکانیاندا ئەوەیان دووپات کردووەتەوە قۆناغ بە قۆناغ بەپێی پێشڤەچوون و گۆڕانی کولتووری میللەتان و چێژ و میزاجی مرۆڤەکان، هەمیشە لە پۆلێنبەندی و میانە دەنگییەکان، لەکاتی ئەدا و چڕیندا ئەو پەیژە و مەقامانە لە یەکتر جیاواز بوونە، ئەگەرچی لە چوارچێوە گشتییەکەدا هەر لە کۆنەوە پەیژە و سکێڵ و مەقام و مۆدەکان، پەیوەست بوونە بەو قەدەر و توانستە سروشتی و ڕەنگ ڕێژبوونە جێگیر و سنووردارە فیزیکییەی میانە دەنگییەکانی خودی مرۆڤ.

بەمانایەکی دیکە مۆد و مەقامەکان و بابەتی هاوبەشی پرسە فیزیکییە چەسپاوەکانیان چوارچێوەی ئەو بارودۆخە جێگیر و فیزیکییەی تواناییە سنووردارەکانی مرۆڤەکانن بە هەموو

ڕەنگە جیاوازەکانییەوە، دوور لە تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی ئەو چوارچێوە گشتییە و مۆد و سکێڵەکانی میللەتان لە وردەکاری میانەی نێوان تۆن و تایبەتمەندییەکان بوونەتە خاوەن مۆرک و ئاکاری زانستی و ڕەوشی تایبەت بە خۆیان، هەر بۆیەش دەبینین بە درێژایی سەدەکان ئەو پرسە هەمیشە بابەتێکی گەرموگوڕی تیۆرناسان و موزیکناس و توێژەران بووە.

ئەو چەند دێڕەمان لەمەڕ گرنگی سکێڵ و مەقام بۆ ئەوە بوو بڵێین یەکێک لەو بابەتە گرنگ و هەستیارانەی پێکهاتەی موزیکی ڕۆژهەڵاتی خودی سکێڵ و ئەو مەقامانەن لە کۆنەوە بوونەتە جێی تێڕامانی تیۆرناس و فەیلەسووف و موزیکناسانەوە، چونکە لە بەرجەستەکردن و وێناکردنی بارودۆخی دەروونی و سایکۆلۆجی و هەموو ئەو بابەتانەی بە ئەندێشە و خەیاڵ و دەربڕینەکانی مرۆڤەوە پەیوەستن ڕۆڵی گەورە و کاریگەر و یەکلاکەرەوەیان هەبووە و هەیە، لە خۆشی و شادی و جەنگ و ئاشتی و چرکەساتە وردەکانی ژیانی ئەو کارەکتەرانەی ڕاستەوخۆ مامەڵەی هونەری و موزیکی لەگەڵ ئەو مۆد و مەقام و سکێڵانە دەکەن.

هەروەک ئاماژەمان پێی دا ئاوازی گۆرانی (چاوەڕوانی) لەسەر پەیژەی مەقامی (کورد) داڕێژراوە، ئەوەی دیارە پانتایی بەرفراوانی یازدە بۆ دوازدە دەنگی لە هەردوو ڕەگەزی مەقامەکە بووەتە میانە و گۆڕەپانی سەرچوون و دابەزینی جووڵەکانی چڕین و دەربڕینی ئەو پرسیار و وێنا شیعرییانەی کە هەم پرسیار و هەم هەواڵی هەردووکیانن، واتە لەو ئاوێتە بوونەدا ئاوازی موزیک و پەیام و ناوەڕۆکی دەق بوون بە یەک هەناسە و داخوازی لە بۆتەی چڕینی کۆپلەی یەکەم و دووەمی گۆرانییەکەدا، دووبارە بوونەوەی لە سێیەم و چوارەم، وەک ڕوخسار و نەریتی زۆربەی گۆرانییە تازەکانی ئەو ڕۆژگارە.

دەستپێکی ئەو گۆرانییە لە دەنگی هەشتەمی سکێڵەوە وەک جۆرێک لە هاوار و بانگکردنێکی بەهێز دێتە کۆیچکە، کاتێک کەسێک دوای چاوەڕوانی و بێزارییەکی زۆر هاواری لێ هەڵدەستێت و گلەیی و گازندەکانی لەو شوێنە بەرزەوە بە بەژن و باڵای تۆن و ڕەگەزی هەڵگەڕاوەی مەقام کورد بۆ دامێن و لەنگەرگرتن لە سەر تۆنی جێگیر و پێنجەمی مەقامەکە و ڕەگەزی کورد و تۆنی (لا) جێگیر دەبێت و دەپرسێت:

**ڕۆژ ئاوابوو مانگ هەڵهات، یاری من بۆچی نەهات؟**

دواتر لە دابەزین و سەرەولێژبوونەوە بۆ ڕەگەزی دووەمی مەقامەکە بەردەوام دەبێت لە جووڵەیەکی ڕاگوزەر بەسەر هەردوو ڕەگەزی (نەوای سۆل و عەجەمی فا) و نیشتنەوە و لەنگەر گرتن بۆ ڕەگەزی کورد (ڕێ) و تۆنی جێگیر :

**گوتی دێم! گوتی دێم!**
**گوتی دێم کەچی نەهات!**

ئەوەی بە ڕوونی دیارە، لە کۆپلەی یەکەمی گۆرانییەکە، لە پانتایی یەک ئۆکتاڤی دەنگدا، واتە هەشت دەنگی تەواوی هەردوو ڕەگەزی مەقامەکە لەسەرچوون و دابەزین، بە چڕین و ئەدایەکی جوان و پاراو، بە هەناسەیەکی حەسرەت ئامێزی هونەری، گوێمان لە کۆپلەی یەکەمی گۆرانییەکە دەبێت. گۆرانییەک بە بڕوای ئێمە پێش تێهەڵکێشکردن و ئاوێتەبوونی (ئاواز و شیعرەکە) بەیەکەوە، چرۆی ئاوازە موزیکییەکە لە ژانی دەست و پەنجەی عوودژەنێکەوە

سەرەتاکانی چەکەرەی کردووە و سەری هەڵداوە، بە دووریشی نابینم لەگەڵ شیعرەکە بە یەک ژان لەیەک چرکەساتدا دروست بووبن، لەبەر ئەوەی دەقی هۆنراوەکەش هەرخۆی دایناوە.




کۆپلەی دووەم و سێیەم و چوارەمی ئاوازەکە بەیەک ئاواز سێبارە و چواربارە دەبنەوە بەم کۆپلە شیعرانەی کە بڕگەکانیان حەوتین و بە نەسەقێکی جوان بێ گرێوگۆڵ بە هەناسە و دەربڕینێکی شیرین لە سنووری ئۆکتاڤ و دوو دەنگ، واتە (دە) میانەی دەنگی بە تێکەڵاوکردن و گوزەرێکی جوان بەناو هەر سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی (مەقام کورد) کە ئەمانەن: (عەجەم فا و کورد لا و نەهاوەندی سۆل).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەردوو کۆپلەی یەکەمی ئاوازەکە و دواتریش هەموو کۆپلەکان و کۆی گشتی ئاوازەکە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو باکووری، سوودی لەو شێوازە باوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردی وەرگرتووە، بەتایبەتیش ئاوازە فۆلکلۆرییەکانی بەشی باکووری کوردستان، ئەویش دەستپێکردنە لە تۆنە بەرزەکانی سەرووی هەردوو تۆنی چوار و پێنجی ڕەگەزی مەقامەکان، کە بەردەوام دوو تۆنی کاریگەری بەستنەوەی هەردوو ڕەگەزە سەرەکییەکەی مەقامەکانن، دوورتر لەوە زۆر بە لێهاتوویی لە ئاستێکی پڕ لە جوانکاری و سەلیقەی بەرزی هونەریدا ئەو دەستپێکەی بۆ ئۆکتاڤ و پلەی هەشتەم گواستووەتەوە کە دەکاتە تۆنیکی مەقامەکە، دواتریش وەک شێوازە باوەکە لە دووەم ڕستەی ئاوازەکە بەزنجیرە پێ بە پێی تۆنەکان پەیژە ئاسا بۆ خوارەوە دابەزیوە و بە شێوازی ڕاگوزەر بەسەر ڕەگەزەکانی نەوای سۆل و عەجەمی فا، بە جێگیر بوون لە تۆنیکی مەقامە سەرەکییەکە لەنگەری گرتووە و جێگیر بووە.

**بەڵێنی دامێ دوێنێ، لەسەر قسەی بمێنێ**
**دڵم چیتر نەشکێنێ، بمگەێنێ بەئاوات.**
**تۆ بڵێی هەبێ کچێ، قسەی لەدڵ دەربچێ؟**
**بەڵێن بداو بڕۆی بچێ؟ وا زۆر تێپەڕ بوو لەکات.**
**پرسیم لە چیا لە کانی، لە درەخت لەبەرد لە خانی**
**کێوە چوو یارم کوانی؟ هەموویان مان کش و مات.**

گۆرانی دووەمی ئەو کورتە باسەمان (بەهیوات گیانە)یە، ئەو ئاوازە یەکێکی دیکەیە لە ئاوازە ناسک و شیرینەکانی مامۆستای هونەرمەند باکووری، ئەو ئاوازە لەسەر سکێڵ و مەقامی (بەیات)ـە، یەکێکی دیکەیە لەو سکێڵە ڕۆژهەڵاتی و کوردییانەی لە کوردستان (فۆرم و شێوازگەلێکی هەمە چەشن و هەمەڕەنگ لەسەر ئەو سکێڵە بنیادنراوە وەک: لاوک و حەیران و بەیت و باڵۆرە و ڕێژەکی زۆر ستران و ئاوازی فۆلکلۆری و میللی و ئاوازی تازە دانراو.




وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ئیقاعی ئەو گۆرانییە شەش هەشتە و یەکێکە لەو ئیقاعانەی پڕ جووڵە و خێرایە لە ستران و دیلانی فۆلکلۆری کوردەواریدا، زۆر بەرفراوان بەکارهاتووە.

ئەو ئاوازە گەرچی لە مەقامی بەیاتە، بەڵام بە میانەیەکی چواری تەواو بە ڕەگەزی ڕاست (دۆ — فا) دەست پێ دەکات و لە نیوە ڕستەی دووەمی ئاوازەکە چوار دەنگ و ڕەگەزی بەیاتەکە جوان ئەدا دەکات، پاشان لەسەر تۆنی بنکە لەنگەر دەگرێت و دەوەستێت.

لە کۆپلەکانی دووەم و سێیەم وەک زۆربەی گۆرانییەکانی ئەو سەردەمە ڕێڕەوی ئاوازەکە بەسەرچوون بۆ ڕەگەزی دووەم هەڵدەکشێت و سەردەکەوێت، کە هەمیشە ئەو ڕەگەزەی دووەم دەبێتە هۆی ناولێنان و یەکلابوونەوەی جۆری مەقام و پەیژەکان، بۆیە لە کۆپلەی دووەم بە بازدان بۆ پلە دەنگی حەوتەم (سۆل — دۆ) و دروستکردنی ڕەگەزی (ڕاست سۆل) ئاوازەکە لە بۆتەی بەیات موحەیر بەجوانترین شێوە بە گوێچکەمان بگەیەنێت کە دەڵێت: (ئەی گوڵی گوڵزارم بەس بدە ئازارم)، دواتر لە جووڵەیەکی تردا بۆ گەیشتن بە لووتکە و لەنگەرگرتن لەسەر تۆنی بنکە بە هەمان میانەی ڕەگەزی چواری تەواو (دۆ — فا) لە ئۆکتاڤی دووەم، پەیامی ئاوازەکە دەگەیەنێت (ڕەحمێ بەهاوارم)، دواتر بە دوو هەنگاوی ڕاگوزەر بە پلە دەنگی پێنجەم و چوارەمی زاڵی پەیژەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی یەکەمی بەیات و تۆنی بنکە و جێگیر.

شایانی وتنە ئەو دوو گۆرانییە و زۆربەی ئەو گۆرانییانەی م. باکووری کە لەگەڵ تیپی موزیکی ئێزگەی بەغدا تۆمارکراون لە باری پێکهاتەی ئامێرەکان و ئامادەکردنی موزیکەوە لاوازی و هەژارییان پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ژەنیارەکان ئەگەر بەنەژادیش عەرەب نەبووبن، ئەو لەژێر کاریگەری ژینگە و کولتووری موزیکژەنان و کەشوهەوای ئەوکات و سەردەمی موزیکی عەرەبی و ئەندامانی گرووپی موزیکژەنانی ڕادیۆی بەغدای ئەوسا بوونە، بۆیە زۆر ئاساییە موزیکی پێشەکی و ڕەنگ و ڕوخساری ئەو ئاوازانە و دەنگی گۆرانیبێژانی نموونەی وەک م. باکووری و ئەوانی دیکە، خۆیان و دەنگەکانیان کەوتبنە ژێر کاریگەری ئەو مۆرک و تەوژمە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت دەستبەرداری توانایی دەنگ و سەدای سترانبێژان و ئەو ئاوازە جوان و هونەرییانەیان ببین، یان ئەو دۆخە خەوشێک بخاتە سەر ئاواز و میلۆدییەکانیان کە لەو سەردەمەدا لەوەها بارودۆخێکدا هاتوونەتە بەرهەم و تۆمارکراون.

بابەتی ڕەنگی دەنگ و چینە دەنگ، دوو توخم و ئاماژەی دیار و زەقی ناسنامەی هونەریی هەر گۆرانیبێژێکن، لە پۆلێنکردن و پێناسەی هونەری و ناسینەوەیان بەردەوام وەک دوو هێما و ئاماژەی ڕوون دێنە بەر باس و لە پرۆسیسی ئاوازچڕین و ئەداکردن و کارکردنە سەر گوێچەکە

و چێـژی بیسەرانیشـدا لـە جوگرافیـا و زەمەنـی خۆیاندا پێـی دەناسرێنەوە.

بـۆ م. باکـووری و هەمـوو سـترانبێژان کاتێـک بـە زمانێـک و دیالێکتێـک گۆرانـی دەچـڕن، کۆمەڵێک چەمک و بابـەت دێنـە نـاو بابەتەکـەوە، کـە پێوەندیـی ڕاسـتەوخۆیان بـە بنیـاد و پێکهاتـەی ئـەو دەنگـەوە هەیـە، کـە دواجـار لـە کاتـی گۆرانـی وتنـدا دەیبیسـتن وەک: (ژینگـەی خێزانـی، منداڵـی، خوێنـدن، زمانـی خوێنـدن و نووسـین، حـەز و خولیـاکان، گوێگرتـن، سروشـت و پێکهاتـەی کۆئەندامەکانی بەرهەمهێنانی دەنگ بەگشـتی)، هـەر بۆیـەش وەک ئـەو ڕەنگانـەی بەرچاومـان نـاوی هەمـوو ئـەو شـتانەی بـە سـاڵان ئەزبەرمـان کـردوون بـە بیسـتنی نـاوی م. باکووری و نموونەکانـی دیکـە ڕاسـتەوخۆ ڕەنگـی دەنـگ و تایبەتمەنـدی چریکـەی شـەپۆلەکانی لـە هـۆش و هزرمانـدا دەزرینگێنـەوە و وەک بوونـی ڕاسـتەقینەیان هەسـتیان پـێ دەکەیـن.

پەیوەسـت بـەو لایەنـەوە بـە پێویسـتمان زانـی بیـر و بۆچوونـی دوو مامۆسـتای هونەرمەنـد سـەبارەت بـە هونـەر و تایبەتمەنـدی دەنگـی م. باکـووری بخەینـە ڕوو :


هونەرمەنـدی موزیکـژەن وریـا ئەحمـەد (١٣) لـە پێشـەکی دیمانەیەکدا کـە سـاڵی (١٩٩٣) لەگـەڵ م. باکـووری ئەنجامـی داوە دەڵێـت (باکـووری هونەرمەنـد لـە سـێ ڕوانگـەوە دەبینـم):

- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆن و ناودار.
- موزیکژەنێکی کوردی کۆن.
- فێرکارێکی موزیک.

ڕاسـتییەکەی ئـەو دیمانەیـە کۆمەڵێـک زانیـاری و بابەتـی هونـەری وردی ژیانـی هونەریـی م. باکـووری لەخۆگرتـووە.

لـە لایەکـی دیکـەوە هونەرمەنـد ئامانـج غـازی لـە نووسـینێکدا ڕۆڵـی م. باکـووری لـە پەروەردەکردنـی کۆمەڵێـک بەهـرەی هونـەری لـە شـارەکانی کۆیـە و هەولێـر بـەرز دەنرخێنێـت و ئامـاژە بـە هەوڵەکانـی دەکات سـەبارەت بـە دامەزراندنـی تیپـە موزیکییەکانـی هـەر یـەک لـە (باواجـی و دەرسـیم). هـەر لەو نووسـینەیدا ئامانج غـازی سـەبارەت بـە چینـە دەنگـی م. باکـووری دەڵێت: (چینـە دەنگـی مامۆسـتا باکـووری لـە بنەڕەتـدا بـە دەنگـی (گـڕ- Bass) لـە قەڵـەم دەدرێ و ئـەو دەتوانـێ (مـی گـڕ) کـە دوو پلـە دەکەوێتـە ژێـر کۆکـی چوارەمـی ژێـی کەمانجـە بـە تـەواوی ئـەدا بـکات و ئـەو ئـاواز و میلۆدییانـەی کـە ئەداشـی کـردوون زۆر شـارەزایانە لـەو ئۆکتاڤـە نەیویسـتووە تێپـەڕ بـکات، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ بـە چاکتریـن شـێوە داهێنانـی تێـدا بـکات).(١٤)

بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی بۆچوونەکـەی ئامانـج




غـازی سـەبارەت بـە چینـە دەنگـی م. باکـووری لـە گۆرانـی یەکـەم تۆنـی جێگیـر و تۆنیکمـان بـە (سـکێڵ و مەقـام کـورد) لەسـەر تۆنـی (ڕێ) نووسـیوە، بـەڵام لـە کاتـی تۆمارکردنـی ئـەو گۆرانییـە نیـو پلـەی دەنگ نزمتـر تۆمـار کراوە، واتـە تۆنـی جێگیر و تۆنیک (دۆ دێزە). دابەزاندنی ئـەو تۆنـەش هـەر بـۆ ئـەوە بـووە بـە دروسـتی

لـە میانـە دەنگـی سروشـتی خۆیـدا گۆرانییەکـە بچڕێـت. گۆرانـی دووەمیـش (بەهیـوات گیانـە) تۆمارکراوەکـەی لەسـەر تۆنـی (مـی) جێبەجـێ کـراوە، چونکـە هـەردوو ئاوازەکـە لـە کۆپلەکانـی دوای مەزهـەب، چـوار دەنـگ و ڕەگـەزی دووەمـی مەقامـەکان تێدەپەڕێنـن و سنووری (دە) میانـەی دەنگیـان لەخۆگرتـووە، وەک لـە نموونەیەکـدا ئامـاژەی پـێ کـراوە.

لـە کۆتاییـدا دەتوانیـن ناوەرۆکـی ئـەم نووسـینە و سـیما و تایبتمەندییەکانـی میلـۆدی و ئـاوازی ئەوسـای م. باکووری بەگشـتی لـە چەنـد خاڵێکـدا چـڕ بکەینـەوە:

- م. باکـووری بـۆ زۆربـەی ئـاواز و میلۆدییـەکان سـوودی لـە ئیقـاع و مەقامـە ڕۆژهەڵاتییـەکان بەگشـتی و کوردییـەکان بـە تایبەتـی وەرگرتـووە. پێمانوایـە تایبەتمەنـدی دەقـە شـیعرییەکان ڕۆڵـی بەرچاویـان لـەو بـارەوە هەبـووە.

- لـە زۆربـەی ئـەو ئـاواز و میلۆدیانـە سـنوور و میانـەی هـەردوو ڕەگـەزی مەقامەکانـی خستووەتە واری جێبەجێکردنـەوە، لـەو دوو گۆرانییـەش، بەتایبەتـی دۆخێکـی تایبـەت دەبینیـن، ئەویـش بەکارهێنانـی (دە) میانـەی دەنگییـە، واتـە ئۆکتاڤێـک و سـێ دەنـگ. جیـا لـە ئـاواز و سـترانی فۆلکلـۆری ئـەو دۆخـە تەنیـا لـە ئـاوازی تـازەی هونەریـدا بوونـی هەیـە.

- تیپـی موزیـک و بەشـی کـوردی ڕادیـۆی بەغـدا کاریگەرییەکـی گـەورە و بەرفراوانـی هەبـووە بـۆ کۆکردنـەوەی گۆرانیبێژانـی هەمـوو کوردسـتان، ئـەوەش بووەتـە هـۆکاری ئـەوەی گۆرانیبێـژان لـە نزیکـەوە زیاتـر بـە سـتایل و فۆرمـە جیاوازەکانـی کوردسـتان ئاشـنابن.

- پێـش م. باکـووری و شـەماڵ سـایب هەوڵـی سـەرەتایی بـۆ وتنـی گۆرانـی و بەسـتە دوای لاوک و حەیـران و مەقامـەکان هەبـووە، بـەڵام ڕەنگرێـژ و وەرچەرخـان و هەنـگاوە تۆکمـە و زانسـتییەکە لەلایـەن ئـەو دوو زاتـەوە پەرەی پێ درا و گەشـەی کـرد، دواتریـش لەسـەر ئاسـتی نێوەنـدی هونـەری و گوێگـران و هەوادارانـەوە بەرفراوانتـر پێشـوازی لـێ کـرا و دەنگـی دایـەوە.

- دەکرێـت بڵێیـن هونەرمەنـد باکـووری لەپـاڵ شـەماڵ سـایب، دوو کارەکتـەری سـەرەکی و پێشـەنگی ئـاوازی تـازە دانـراوی هونەریـن، لـە مێـژووی سـتران و ئـاوازی کـوردی لـەو بەشـەی کوردسـتاندا.

- ئـەو جـۆرە لـە ئـاواز و سـتران بۆ ئەو سـەردەم ئەگەرچـی بـەدەر نەبـووە لـە کاریگەرییەکانـی ژینگـەی دەوروبـەر، بـەڵام بـە هەمـوو پێوانەیـەک جۆرێـک بـووە لـە بوێـری و ڕچەشـکێنی.

**پەراوێز:**

**٨ - یادگارییەکانـی باکـووری - ئنسـتیتیوتی کەلەپـووری کـورد.**

**٩- پەیـژە، زنجیـرە بڵاوکـراوەی بنکـەی مەقـام، سـاڵی ٢٠١٢.**

**١٠- کێشی شیعری کلاسیکی کورد و ...، عەزیز گەردی، هەولێر، ١٩٩٩.**

**١١- لەنـاو موزیکـی کوردیـدا سـەمبۆلۆژی موزیـک بنەچەکانی مەقـام، د. بـەرزان یاسـین.**

**١٢- هارمۆنیـای دەنـگ و میلـۆدی کـوردی، ئامانج غـازی، ٢٠٠٧.**

**١٣ - کەشـکۆڵی نووسـینەکانم، وریـا ئەحمـەد، ٢٠٠٩.**

**١٤- هارمۆنیـای دەنـگ و میلـۆدی کـوردی، ئامانج غـازی، ٢٠٠٧.**